

# سروە خۆشپەیام: تەنها عاشقی بێژەریم

**سازدانی: ئاوێنەکان**

پێشکەشکاری بەرنامەی (ادینە) لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات، عاشق بوونی بۆ کاری بێژەریی دووپات دەکاتەوەو پێیوایە جگە لەهاوکارەکانی، خێزانەکەشیان لایەنێکی سەرەکی سەرکەوتنی بوون، بەڵام لەبەرنامەیدا نییە بۆ ئایندە وەکو گۆرانیبێژ دەربکەوێت.

سروە عەبدوڵا ساڵح لەبنەچەدا خەڵکی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستانەو لەوێش بنەماڵەکەیان بە (خۆشپەیام) ناسراوە. ئەو لەمانگی یانزەی ساڵی (١٩٨٨) لەدایکبووەو تا پێش هاتنیان بۆ کوردستان هەر لەئێران ژیاوە، هەروەها بەو پێیەی باوکیشی سەرقاڵی کاری سیاسی بووە، لەزۆربەی شارەکانی ئێراندا ژیاون، بەڵام لەدوای ساڵانی (٢٠٠٠)ەوە بەتەواوی لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوونو ئێستاش شاری سلێمانی بەخۆشترین شار دادەنێت.

سروە سەرەتا لەبەرنامەی (ادینە)ی کەناڵی کوردساتەوە دەرکەوتو دواتریش بەشداریکرد لەپێشکەشکردنی بەرنامەی (نێرگز نیوز)، ناوبراو لەم چاوپێکەوتنەی گۆڤاری ئاوێنەکاندا باسی قۆناغەکانی ژیانی دەکاتو بەرنامەکانی ئایندەشی ئاشکرا دەکات.

**سەرەتا زۆر دەترسام**

سروە لەسەرەتاکانی کاری بێژەریدا هەستی بەترسێکی زۆر کردووە، لەبەرئەوەی پێشتر هیچ باکگراوندێکی لەو بوارەدا نەبووە، بەڵام دوای پێشکەشکردنی یەکەمین، ئەو ترسەی رەویوەتەوەو سەرکەوتنی تیا بەدەستهێناوە.

(ادینە) بەمانای رۆژی (هەینی) بەرنامەیەکی کوردساتەو هەموو هەواڵە گرنگە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان لەماوەی هەفتەیەکدا کۆدەکرێتەوەو لەئێوارەی رۆژانی هەینیدا بەزمانی فارسی پێشکەش دەکرێتو ماوەی پێنج ساڵە بەردەوامە.

سروە دوای سەرکەوتنی لەو بەرنامەیدا، دواتر لەگەڵ دەرهێنەر (ئامانج کەمالو بێژەری کەناڵی کوردسات، دێرین) بەرنامەی (نێرگز نیوز) یان پێشکەشکرد .ناوبراو باس لەسەرەتاکانی بوارەکەی دەکات «لەسەرەتای بێژەریدا زۆر دەترسامو هەڵەی زۆریشم دەکرد، چونکە هیچ پێشینەیەکم نەبوو، دەتوانم بڵێم رۆحم تیا نەبوو، ئەوکاتە بابەتەکانیش بەکۆمپیوتەر نەدەنووسران، لەلایەن کاک راسانو کاک ئاواتو کاک ئەیوب، بەدەستوخەت دەیاننووسی».

**بەرنامەکە ناکەینە رۆژانە**

ئەم کچە پێشکەشکارە ئاشکرایکرد کە لەئێستادا لەبەرنامەیاندا نییە بەرنامەکە بکەنە رۆژانەو بەشیوەی راستەوخۆ بێت، بەڵام پێیوایە کە دەتوانن بەرنامەی دیکەی فارسی ئامادەو پێشکەش بکەن، بەو پێیەی ئەزموونێکیان لەو بوارەدا هەیە، ئەو توانایەیان تێدایە.

**پرۆژەی دیکەی چییە؟**

ناوبراو بەنیازە لەمەودوا ببێتە پێشکەشکاری بەرنامەیەکی رادیۆیی لەرادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کە تایبەت دەبیت بەمەسەلەی ژنانو بەزمانی رۆژهەڵاتی پێشکەشی دەکاتو دەیەوێت لەو رێگایەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆرانی بواری کێشەکانی ئافرەتدا بکاتو رێگا چارە بۆ کێشەکانی ئافرەتان بدۆزێتەوە.

**سروە بووە دەرهێنەر**

هەر بەو پێیەی حەزی لەکارکردنی بواری ئافرەتانە، سروە دوای زیاتر لەساڵێکی کارکردن، توانیویەتی ببێتە دەرهێنەری فیلمێکی دۆکیومێنتاری تایبەت بەژنان، بەناوی (کوچە تاریکەکان) کە ماوەی بیستودوو دەقیقەیەو بەهاوکاری سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەرو کەناڵی کوردسات کاری تیا کردووەو لەرۆژی ٢١ی مانگی رابردووشدا لەکۆنفرانسێکدا لەوڵاتی سوید بەناوی (چۆن بتوانین پەیوەندیەک دروست بکەین لەهەموو جیهاندا بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان) پێشکەشکرا. هەروەها پێیخۆشە لەئایندەدا کاری زیاتری لەو شێوەیەش بکات.

**ئایا سروە دەبێتە گۆرانیبێژ؟**

هەرچەندە لەو ماوەیەی پێشوودا لەمیدیاکاندا وا بڵاوکرایەوە کە سروە، بەنیازە لەئایندەدا وەکو گۆرانیبێژیش دەربکەوێت، بەڵام خۆی ئەو قسانەی رەتکردەوەو ئاماژەی بەوەدا کە تائێستاو بەمنداڵیش چەند جارێک وەکو گۆرانیبێژ دەرکەوتووەو ئەزموونی باشیشی لەو بوارەدا هەیە، بەڵام بیری لەوە نەکردۆتەوە لەئایندەدا وەکو گۆرانیبێژ دەربکەوێت «کاتێک لەئێران بووین بەمنداڵی لەقوتابخانەدا گۆرانی فارسیم دەوت، بەڵام دواتر قوتابخانە وتیان گۆرانی وتن قەدەغەیەو نووسراوێکیان بەدایکم پڕکردەوە کە جارێکیتر گۆرانی نەڵێم».

> کاتێک لەئێران بووین بەمنداڵی لەقوتابخانەدا گۆرانی فارسیم دەوت، بەڵام دواتر قوتابخانە وتیان گۆرانی وتن قەدەغەیەو نووسراوێکیان بەدایکم پڕکردەوە کە جارێکیتر گۆرانی نەڵێم

**عاشقی چییە؟**

سروە تائێستا چەندینجار داوایان لێکردووە بەشداری لەکاری دراماو کلیپدا بکات، بەڵام خۆی هەموو ئەو داواکارییانەی رەتکردۆتەوەو مەبەستیەتی تەنها لەبواری راگەیاندنو بێژەریدا کار بکات «باش نییە مرۆڤ لەهەموو کارێکدا بەشداری بکات، لەبەرئەوە منیش حەزم لەو بوارانە نییەو تەنها عاشقی بێژەریم».

**زۆر حەزم لەدوو گۆڵی بوو**

ناوبراو، بەمنداڵی یەکێک بووە لەمنداڵە زۆر عەجولەکانی گەڕەکەکەیانو زیاتر هاوڕێی کوڕی هەبووە، لەهەمانکاتدا زۆر حەزیشی لەدوو گۆڵی بووەو هەموو کاتێک بۆتە سەردەستەی تیپەکەیان. جیا لەوەش زۆر رقی لەلەچک بووەو هەمیشە قژی کورت کردۆتەوە بۆئەوەی وەکو کوڕ بنوێنێت «زۆربەی کات خەڵک پێیاندەوتم کوڕەکەی عەبەی خۆشپەیام». بەڵام بەهۆی ئەوەی لەماڵەوە کەشوهەوایەکی باشیان بۆ دروستکراوە لەلایەن باوکو دایکیەوە توانیویانە تاڕادەیەکی زۆر سەربەستی وەربگرن.

**سلێمانی بەخۆشترین شوێن دەزانم**

بەهۆی کاری سیاسی باوکییەوە، ئەم خێزانە روو دەکەنە زۆر شوێنی وڵاتی ئێران، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە بەتەواوی دێنە هەرێمی کوردستانو لەشاری سلێمانی نیشتەجێ دەبن. ئەوکاتەش بەهۆی نەناسینی خەڵکەوە، ژیان بۆ ئەم خێزانە قورس دەبێت، سەرەتا دەڕواتە لای دایکیو کاری ئارایشت دەکات. دواتر دەڕواتە مارکێتی زاگروس لەوێ کار دەکات، پاشان لەبەر زانینی باشی زمانی تورکی، کۆمپانیایەکی تورکی داوای لێدەکەن وەکو وەرگێڕ کاریان بۆ بکات. دواتریش بەهۆی زانینی زمانی فارسییەوە دەڕواتە کەناڵی کوردساتو لەبەرنامەی (ادینە)ەوە دەست بەکارکردن دەکات، بۆیە ئێستا شاری سلێمانی بەخۆشترین شوێن دەزانێت.

**هێمنو لەسەرخۆم**

روخۆشیو دەم بەپێکەنین چەند سیفاتێکی ئەم بێژەرەنو خۆی وتەنی پێکەنین دەوای هەموو دەردێکەو حەز دەکات هەموو کاتێک مرۆڤ رووی خۆش بێت «زۆر تووڕە نابم، کەسێکی هێمنو لەسەرخۆم، بەڵام بەناهەقی زۆر تووڕە دەبم، هەموو کاتیش دەم بەپێکەنینم». ناوبراو ئەگەر بێتوو رۆژێک لەرۆژان ببێتە کەسێکی سەرمایەدار پێیخۆشە هاوکاری کەمئەندامان بکات بەتایبەتی منداڵان «ئەگەر زۆر دەوڵەمەند ببم، هەوڵدەدەم سەنتەرێک بۆ کەسانی کەمئەندام بەتایبەتی منداڵان بکەمەوە بۆئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێت».

**هاوسەرەکەی دەبێت چۆن بێت؟**

سروە لەو کاتەوەی لەتیڤیەوە دەرکەوتووە، سەرنجی زۆر کەسی بەلای خۆیدا راکێشاوەو لەلایەن زۆر کەسیشەوە داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکراوە، بەڵام خۆی، خۆشەویستی بەقومارێک دەزانێت کە رەنگە مرۆڤ یان تیایدا سەربکەوێت یان بکەوێت هەڵەوەو پێشیوایە ئەو کەسانەی دەڵێن (عاشق) ین، رەنگە بەکەمی چێژیان لەعەشق وەرگرتبێت.

هەروەها پێیباشە ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەری، رێزو خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست بکات «جگە لەوەش دەبێت شەخسیاتی پیاوانەی هەبێت، چونکە زۆر رقم لەپیاوسالاریەو پێم قبوڵ ناکرێت».

**زۆر رقم لەمۆبایلە**

سروە ماوەی چەند ساڵێکە مۆبایل بەکار ناهێنێتو زۆر رقی لێیەتی، چونکە پێیوایە کێشەی بۆ دروست دەکات، «ئەگەر مۆبایلم پێبێت، بێزارم دەکەن، من رێزم هەیە بۆ هەموو خەڵک، بەڵام حەز ناکەم بێزاریشم بکەن، بۆیە پێم باشبوو داییخەم».